گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ بە رێکخستنی دەستوری مافەکان

**بدر محمد طاهر مصطفى**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق
Badir.Muhammed@lfu.edu.krd
**هاوری کمال محمد**

بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق
Hawre.Kamal@lfu.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:١٥/٥/٢٠٢٠
پەسەندکردن:٢٨\٧\٢٠٢٠
بڵاو کردنەوە:هاوینی٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**
*Human Rights Documents , Constitutional Regulation , Bill of Rights , Decleration of Human Rights , Declaration of the Rights of Man and the Citizen*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.3.08

## پوختە

بابەتی مافی مرۆڤ بابەتێکی کۆنە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانیان رەگێکی مێژووی کۆنی هەیە، بەوەی کە مرۆڤ لە سەرەتای هاتنی بۆ سەرزەمین و لە سەرەتای هاتنەکایەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مرۆڤ لە هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی ماف و ئازادییەکان هەوڵیداوە و ئەم هەوڵدانە بەردەوامە، کاریگەری ئەم هەوڵانە بوونە هۆی هاتنەکایەوەی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە وولاتەکانیان دا، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مرۆڤایەتی لە رێگەی جاڕنامە و رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان بنچینەی مافەکانی مرۆڤی دانا، کە ئێستا مرۆڤایەتی سوود لەم مافانە دەبینێت.

دواتر دەستووری وولاتان کە باڵاترین پێگەی یاساییان هەیە لە نێوخۆی وولاتەکان دا، لە ژێر کاریگەری ئەم بەڵگەنامانە و بەتایبەتیش بەڵگەنامە نیشتیمانیەکان، بابەتی ماف و ئازادییەکانی لەخۆگرت هاوتا لەگەڵ رێکخستنی شێوازی حوکمڕانی لە وولاتدا. و رێکخستنی دەستوری ماف و ئازادییەکان بە شێوازی جیا لە دەستورە بەراوردکارییەکان دا ئاماژەی پێکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەكی:

خوێندنەوە بۆ بابەتی چۆنیەتی ڕێكخستنی ماف و ئازادییەكان سەردەكیشێت بۆ ئاماژەكردن بە سەرەتای بونیاتی بەڵگەنامە و ڕێكەوتنامەكانی تایبەت بە ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان و بە تایبەت كیشوەری ئەوروپا. هاتنەكایەی بەڵگەنامە و ڕێكەوتنەكان بەهۆی نەبوونی گرەنتیەك یان بە یاسایی كردنی یان لە خۆگرتنی ئەم مافانە بووە لە پەیماننامە ڕەچاوكراوەكان دا, و هەروەها خراپی بارودۆخی رامیاری و ئابووری كۆمەلكاگان بەتایبەتیش مململانێی دەسەلأت لە نێوان لایەنە ناكۆكەكانی كیشوەری ئەوروپا بووە هۆی بەرپابوونی شۆرشێكی فكری لە بابەتی ماف و ئازادییەكان لەو كیشوەرەدا ئەوەش ڕێگەخۆشكەر بوو بۆ هاتنەكایەی ئەم بەڵگەنامە و ڕێكەوتنامانە كە هۆكار بوون بە دەستوری كردنی ماف و ئازادییەكان لە نێو دەستورەكاندا.

ماف و ئازادییەكان كە ژمێردراون لە دەستووره نیشتمانیە جیاوازەكاندا رەگیان لە بیرۆكەی مافەكانی مرۆڤ لە هزری لیبرالیدا وەرگیراوە، و لە بنچینەدا پشت دەبەستێتە سەر دیموكراتیەت و سەروەری یاسا، و بەهای دەستوری بەدەست دەهێنێت جا چ بەشێوەی راست و ڕەوان لە دەقەكانی دستوردا هاتبێت یاخود هەڵبهێنجرێت بەشێوەی ناراستەوخۆ لە بنەماكانی دەستوردا. و لە رووی ڕێكخستنی دەستوورییەوە جیاوازی هەیە لە نێوان دەستورە بەراوردكارییەكان. و ئاماژەكردنی مافەكان لە دەستوردا گرەنتی یاسا دەدات بۆ پاراستنی تاكەكان و گروپەكان لەو كردارانەی كە بەربەستن لە چێژوەرگرتن لە ماف و ئازادییەكان و سەرپێچی كردنیان، و حكومەتەكان پابەندن بە هەڵستان بە ئەنجامدانی هەندێك كاروبار و هەندێك كاروباری تری لەسەر قەدەغە دەكرێت.

گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەی بابەتی ماف و ئازادییەكان و ڕێكخستنی دەستوری لەو خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- دستور دادەنرێت بە یاسای سەرەكی و باڵای دەوڵەت, و دادەنرێت بە یاسای گشتی كە پلانی كیانی رامیاری و كۆمەڵایەتی و ئابوری ووڵات دەكێشێت، و دەق كردنی دەستور لەسەر ماف و ئازادییەكان گرەنتی یاسایی دەدات بۆ پاراستنی ئەم ماف و ئازادییانە.

ب- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خودی بابەتی ماف و ئازادییەکان دایە کە پێگەیەکی باڵایان هەیە لەسەر ئاستی جیهانی و یەکێکە لە بابەتە سەردەمیەکان لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و یاسا نیشتیمانیەکان و بەتایبەتیش یاسای دەستوری.

کێشەی توێژینەوە

هەرچەندە کە بابەتی ماف و ئازادییەکان رەگێکی مێژوویی کۆنی هەیە، بەڵام لە رووی یاساییەوە بەشێوەیەکی گشتی وەك بابەتێکی سەردەمیانە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت. ئەمەش هۆکارگەلێکی هەیە کە هەوڵدەدەین بە پێی توانا لە توێژینەوەکەدا بیخەنەروو. ئەو پرسیارانەی کە لەلای توێژەری ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵە بووە، هەوڵدەدات لە رێگەی توێژینەوەکەدا وەڵامیان بداتەوە، ئەمانەن:-

1. هەوڵدان بە گەیشتن بە تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە چەمکی ماف و ئازادییەکان لە روانگەی دەستور ناسان؟

2. ئەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پێگەی یاسایی بابەتی ماف و ئازادییەکان, ئەمەش لە رێگەی خستنەرووی بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی ئەم بابەتە ؟ ئەمەش لە رێگەی گفت کردن لەسەر هەریەك لەم پرسیارانە:

أ- ئایا گونجاندنی یاسایی بۆ بابەتی ماف و ئازادییەکان لە دەستوردا چۆن باسی لێکراوە؟

ب- ئایا بەهای یاسایی بابەتی ماف و ئازادییەکان کە لە دەستوردا هاتوون چیە؟

3. هەڵوێستی دەستورە بەراووردکارییەکان بۆ بابەتی رێکخستنی دەستوری ماف و ئازادییەکان چۆنە؟

چوارچێوەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە هەڵدەستێت بە خستنە رووی گۆشە نیگای هەریەکە لە دەستورەکانی (عێراق و پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و فەرەنسا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و مۆریشیۆس و تونس و مغرب و بۆسنا وهرزگوڤینیا) لە رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستوورەکانیاندا.

میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوە پەیرەوی لە میتۆدەکانی (وەسفی شیکاری) و (بەراوردکاری) کردووە، واتا زانیاری و بەڵگەنامەکانمان بەدەست هێناوە و شیمان کردوونەتەوە و وەسفی پێویستمان کردوون و بەراوردکاریمان

کردووە لە نێوان هەڵویستی دەستووری وولاتە جیاوازەکان لە بابەتی ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان، بە ئامانجی وەڵام دانەوەی پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوە و گەیشتن بە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی دیاریکراو.

پلانی توێژینەوە

بە ئامانجی زیاتر ووردبوونەوە لە بابەتی توێژینەوەکەمان هەڵدەستین بە دابەشکردنی بابەتی توێژینەوەکەمان بەسەر دوو باس دا. باسی یەکەم تیشك دەخاتە سەر ئەو بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر دەستورە بەراوردکارییەکاندا، ئەمەش لە ڕێگەی سێ تەوەرەی جیاواز دا. لە باسی دووەم دا توێژینەوە ئاماژە بە شێوازی ڕێکخستنی دەستورە بەراووردکارییەکان بۆ بابەتی ماف و ئازادییەکان دەکات لە ڕێگەی سێ تەوەرەی یەك بە دوای یەك دا.

## یەکەم

## بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکان

هەرچەندە ماف و ئازادییەکان لە کۆمەڵگا دادەنرێت بە بابەتی لە مێژینەی پەیوەندار بە مرۆڤ، و شارەزایانی زانستە مرۆییەکان بەدواداچوونی زۆریان لەسەر ئەنجامداوە لە هەموو بوارەکانی تایبەت بە زانستە مرۆییەکان .

بەلأم ئەوەی گرنگە بۆ توێژەرە یاساییەکان، لایەنی یاسایی ئەم ماف و ئازادییانەیە. بوونی یاسا خۆی دەلالەتێکە بۆ ریکخستنی کاروباری تاکەکانی کۆمەڵگا. بابەتی ماف و ئازادییەکان پێگەیەکی بەرچاوی نەبوو لە یاسادا تاوەکو هاتنەکایەوەی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەك لە سەدەی دوازدەهەم بە دواتر، ئەو بەڵگەنامانەی جێگەی ئاماژەپێکردنن بریتین لەو بەڵگەنامانەی کە کاریگەریان لەسەر گۆڕینی ڕێچکەی یاسا بووە دەربارەی پێگەی ماف و ئازادییەکان، بۆیە توژینەوەکە هەڵدەستێت بە خستنەرووی زانیارییەکانی ئەم باسە لە سێ تەوەرەی یەك بە دوای یەکدا.

### تەوەرەی یەکەم

### تێروانینی دەستورناسان بۆ چەمکی ماف و ئازادییەکان

دەستەواژەی ماف و ئازادییەکان دادەنرێت بە دەستەواژەیەك کە لە رووی مێژوویەوە تازە هاتۆتەکاییەوە، سەرەڕای ئەوەی ماف و ئازادییەکان و هەوڵدان بۆ فەراهام کردنیان بۆ مرۆڤ رەگێکی

مێژوویی کۆنی هەیە کە لەسەرەتای بوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی و هاتنەکایەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەستی پێکردووە.

یاسازانی نەیتوانیوە بوەستێت لەسەر مانایەکی دیاریکراو بۆ دەستەواژەی ماف و ئازادییەکان هەتاکو هەندێك لە یاساناسان دەربارەی ئازادی ووتوویانە بەوەی بریتیە لە یەکێك لەو ووشانەی کە خاوەنی بەهایەکی زیاترە لە ماناکەی، و پێیداهەڵدراوە زیاتر لەوەی گفت دەکات، و زیاتر داوا دەکات لەوەی دەیبەخشێت (سرور، ١٩٩٩).

ئازادی دادەنرا – لە رابردوودا – بەوەی کە مانایەکی نیە زیاتر لە پاراستنی تاکەکان لە زۆرداری فەرمان بەدەستەکان و بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتی فەرمان بەدەستەکان لەسەر فەرمان لەسەر کراوەکان، و بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتەکانی فەرمان بەدەستەکان بە دوو رێگە دەکرا: یەکەمیان: زۆرکردن لە فەرمان بەدەستەکان لەسەر پێدانی گرەنتی و پەیمان گەلێکی دیاریکراو ناونرابوون بە "مافە رامیاریەکان" و دەستدرێژی کردن لەسەر ئەم مافانە دادەنرا بە پابەندنەبوونی فەرمان بەدەستەکان بە ئەرکەکانی، و دووەمیان: دانانی سنوورێکی دەستوری کە بەپێی ئەم سنوورە دەستوریە رەزامەندی گەل یاخود نوێنەرەکانی مەرجێکە لە مۆڵەتدان بە کارەکانی دەسەڵاتی فەرمان بەدەست (سلمان، أبو العز، و شهاب).

دەستەواژەی ناوبراوی سەرەوەلە دەرئەنجامی بیرۆکەکانی رێچکەی تاکپەروەری ئازاد کە لە بنچینەدا دەوەستێتە سەر ئەو راستیە پێوەرگیراوە کە: "تاك بەهایەکی لەبنەهاتووە" (الشاوي، ١٩٩٨). کە بڕوایەکی هێناکایەوە بە پێویستی دانان بە مافە سەرەکیەکان بۆ مرۆڤ لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبوویەوە، و وەرگێردرا لە رووی تیۆریەوە بۆ رووی جێبەجێ کردنی لە رێگەی هەردوو شۆرشی ئەمریکی و شۆرشی فەرەنسی کە لەو کاتە دەستەواژەی ماف و ئازادییەکان ناوی مافە شارستانیەکانی لەسەر نرا بوو. دەستەواژەی ماف و ئازادییەکان کەوتە نێو قۆناغی دەستوریەتی خۆی، و جاڕنامەکانی مافەکان هاتنەکایەوە کە بەشێوەی هاوپێچ یاخود خزێنرانە نێو دەستورەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی کە کێشەگەلێك ئازرێندران دەربارەی بەهای یاسایی ئەم جاڕنامانە (سلمان، أبو العز، و شهاب). و لە پاش ئەو گۆرانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە هاوکات بوون لەگەڵ شۆرشی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەهەم رێگەخۆشکەر بوون بۆ زیادکردنی ماف و ئازادییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ نێو لیستی ماف و ئازادییەکان لە دەرئەنجامی بیری سۆشیالیستی لە ماوەیەدا (مصطفى، ٢٠١٧). ئەوەی جێگەی تێبینی کردنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە دانان بەم ماف و ئازادییەکان و گرەنتی کردنی بەندە بەشێوەیەکی توند بە سیستەمێکی دیموکراتی ئازاد کە وەستابێتە سەر سەروەری یاسا .

ماف و ئازادییەکان هەرچەندە لە دەستورە نیشتمانیەکان دا دەقیان لەسەر کراوە، سەرەرای ئەمەش سەختی هەیە لە وەستان لەسەر مانایەکی دیاریکراو یاخود پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ماف و ئازادییەکان، چونکە ماف و ئازادییە ئاماژەپێکراوەکان لە دەستورەکاندا لە ژێر ناونیشانی جیاوازدا هاتوون, هەروەك مافە سەرەکیەکان، ماف و ئازادییە گشتیەکان، ماف و ئەرکەکان، مافەکانی هاوڵاتی، مافەکان گەل (البرزنجي، ٢٠٠٩).

پێناسەی دەستەواژەی ماف و ئازادییەکان رای جیاوازی لەسەرە بەشێوەیەك یاساناسان نەیانتوانیوە کە بوەستن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ماف و ئازادییەکان یاخود هەڵبستن بە دارشتنی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆی بەجۆرێك کە زۆرینەی یاساناسان جیاوازی ناکەن لە نێوان ماف و ئازادی لە کاتی بەکارهێنانی ئەم دوو ووشەیەدا و سیمای هاومانا بوونیان پێدەدەن. بەشێکی زۆری لە یاساناسان تێکەڵی دەکەن لە نێوان ماف و ئازادی دا.و وای دەبینن جیاوازی نێوان هەردوو ووشەکە هیچ کاریگەریەکی نیە، و هیچ دەرئەنجامێکی کرداری لەسەر ئەم جیاوازی کردنە دروست نابێت ئەمەش بەوەی کە هەردوو ووشەکە دەبێت پارێزگاری و چاکسازیان بۆ بکرێت و نابێت سەرپێچیان بکرێتەسەر, و سەرەرای ئەمەش بەشێك لە یاساناسان بۆ ئەوە دەچن کە ناکرێت پێناسەی ماف یاخود ئازادی بە تەنیا بکرێت. ئەمەش بەهۆی جیاوازی نێوەرۆکی ووشەکان هەرچەندە هاوبەشبن لە هەندێك شوێنەواری یاسایی بەشێك لە مافەکان کە بەشێك لە یاساناسان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم مافانە بریتین لە ئازادییە سەرەکیەکان (فريد، ٢٠٠٩).

پێناسەی ماف کراوە بەوەی بریتیە لە" *تایبەتمەندیەکە کە یاسا بۆ کەسێك فەراهەمی دەکات و پارێزگاری لێدەکات بە رێگا یاساییەکان و بەپێی یاسا کەسەکە هەڵسوکەوت بە بەهای دانپێدانراوەکە دەکات، بەوەی خاوەن یاخود شیاوبێت بۆی*" (الحماوي، ٢٠١٢).

ئازادی بە داتاشینی لە لە هەموو ڕەچاوکراوە فەلسەفی، کۆمەلایەتی و رەفتارییەکان دەکرێت پێناسەی ئازادی بکرێت بەو توانای هەموو مرۆڤێکە کە هەڵسوکەوت بکات بەپێی ئەوەی خۆی بریاری لەسەر دەدات بێ کەوتنە ژێر ناچاری کەسی تر، و ئەمەش پێویستە بۆ گرەنتی ئازادی ئەوانی تر (الشاوي، ١٩٩٨) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی ئازادی کە لە مادده (٦) جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی فەرەنسیدا هاتووە زۆر بە ووردی مانای ئازادی پێناسە کردووە بەوەی " ئازادی کورت کراوەتەوە لەسەر توانای کەسێك لە هەڵستان بە هەموو هەڵسوکەوتێك کە زیان بە کەسانی تر ناگەیەنێت، و رێگر نەبێت لە پراکتیزەکردنی مافە سروشتیەکانی هەموو مرۆڤێك جگە لەو مافانەی کە پارێزبەندن بۆ ئەندامەکانی تری نێو کۆمەڵگا و ناکرێت سنوور بۆ ئەم مافانە دابنرێت تەنیا بە یاسا".

## تەوەرەی دووەم

## جۆرەکانی بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکان

بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکان کە کاریگەریان بەسەر دەستورەی ووڵاتان دا هەیە، دابەش دەکرێنە سەر دوو جۆر بەڵگەنامە، و لەم تەورەرەیەدا توێژینەوە هەڵدەستێت بە باسکردنی ئەم جۆرە جیاوازانەی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ لە دوو لقی یەك بە دوای یەك دا.

### لقی یەکەم

### بەڵگەنامە نیشتمانیەکان

بەڵگەنامە نیشتمانیەکان بریتین لەو بەڵگەنامانەی لە سەر ئاستی ووڵاتان دەرچوون بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە نێوخۆی ئەم ووڵاتانەدا و پێگەی جیاوازیان لە نێو دەستووری ئەم ووڵاتانەدا هەیە .

هۆکاری نووسینەوەی ئەم بەڵگەنامانە پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر یەکێك لەم ووڵاتانە بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی فیکری قوتابخانەی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) بە تایبەتیش هاتنی چەمکی دیموکراتیەت و لیبرالیەت کاریگەری زۆریان لەسەر نووسینەوەی دەستور لە دواتر دا هەبووە. ماف و ئازادییە گشتیەکان کە ژمێردراون لە دەستوورە نیشتمانیەکاندا لە کرۆکیان دا پشت دەبەستن بە بیرۆکەی مافی مرۆڤ، و پشت ئەستورن بە بنچینەی دیموکراتیەت و سەروەی یاسا، و بەهای دەستووری بەدەست دەهێنێت جا چ بە شێوەیەکی ئاشکرا لە دەقەکانی دەستوردا ئاماژەیان پێبکرێت یاخود بە شێوەیەکی نا ئاشکرا لە بنەماکانی دەستوردا هەڵبهەڵجێنرێت. کە دادەنرێت بە گرەنتی یاسای نیشتمانی کە تاکەکان و گروپەکان دەپارێزێت لەو کردارانەی کە ڕێگری لەبەردەم بەکارهێنانی ماف و ئازادییەکان دروست دەکات یان پێشێلیان دەکات (فرید، ٢٠٠٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگترین بەڵگەنامە نیشتیمانیەکان لە بابەتی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە رووی مێژووییەوە پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

یەکەم:- پەیمانی گەورە (Magna Carta) : ئەو پەیماننامەیە لە سالی ١٢١٥ مۆر کرا لە نێوان پاشا (جۆن ئۆت رۆنیمید) و کۆمەلێك لە بارۆنەکان، کە تیایدا پاشا داندەنێت بەشێوەیەکی یاسایی کە لە بەشێك لە دەسەلاتەکانی خۆش دەبێت، ئەو پەیماننامەیە پێکدێت لە (٦٣) ماددە کە تیایدا دەق دەکات لەسەر ئەوەی کە نابێت هیچ کەسێك بەند بکرێت بەبێ گرتنەبەری رێچکەیەکی یاسایی و مافی هەموو تاکێك مافی پەنابردنی بۆ دادگا دەبێت بەبێ رەچاوکردنی پلە و سامان.(Stefanovska, 2015)

دووەم:- پەراوی مافەکان :(Petition of Rights) ئەم پەراوە لە سەردەمی پاشا چارڵسی یەکەم ساڵی ١٦٢٨ دەرچووە، بریتیە لە پەراوێك لە لایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە بەرزکرایەوە بۆ پاشا، ئەم پەراوە دوو بنەمای سەرەکی لەخۆ گرتبوو، یەکەمیان: نابێت هیچ باجێك بسەپێندرێت بەسەر هاولاتیانەوە بەبێ چاودێری پەرلەمان، دووەمیان: رێزگرتن لە مافی ئازادی کەسی و رێگەنەدان بە دەست گیرکردنی هیچ کەسێك بەبێ دادگایی.(Guy, 1982)

سێیەم:- یاسای ملکەچ بوون لە بەردەم دادگا(Act of Habeas Corpus) : ئەم یاسایە لە ساڵی ١٦٧٩ لە پەرلەمانی بەریتانیا دەرچوو لە سەردەمی دەسەلاتداری پاشا چارڵسی دووەم، ئەم یاسایە ناوبراوە بە (Habeas Corpus)دەستەواژەیەکی رۆمانی یە بە واتای ملکەچ بوون بۆ بەردەم دادگا کە بەکاردەهات بۆ مافێکی ئیمتیاز بۆ پاشا و دادوەری هەرێمەکان، یاساکە داوا لە دادگاکان دەکات کەوا پشکنین بکات لە هۆکاری بەندکردنی هاولاتیان و رێگری بکات لە بەندکردنی نادادی و نایاسایی .(Dicey, 1885)

چوارەم:- جارنامەی مافەکان (Bill of Rights) بەریتانی: ئەم جارنامەیە بە یاسایەکی پەرلەمانی لە ساڵی ١٦٨٩ لە بەریتانیا، ئەم جارنامەیە کۆمەلە بنەمایەك سەرەکی لەخۆ دەگرێت، وەك مافی هەلبژاردنی ئازاد و مافی ئازادی دەربرین لە نێو پەرلەمان کە ناسراون بە مافی جیاوکی پەرلەمانی، و هەروەها نە سەپاندنی باج بەبێ رەزامەندی پەرلەمان و مافی یەکسانی هاولاتیان لە بەردەم دادگا.

پێنجەم:- یاسای جێنشنی تەختی پاشایەتی شانشینی بەریتانی :(Act of Settlement) ئەم یاسایە لە پەرلەمانی بەریتانیا دەرچووە لە ساڵی ١٧٠١ بۆ رێکخستنی دەستاو دەست کردنی دەسەلاتی پاشایەتی بەریتانیا ومانەوەی بە دەست مەزهەبگەری پرۆتستانەوە، ئەم یاساییە تەنیا لایەنی جێنشینی پاشایەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لایەنی ئاینی دەسەڵاتی رێکنەخست، بەلکو جەختی كراوەتەوە لەسەر جارنانەی مافەكانی سالی (١٦٨٩) و زیاتر دەسەڵاتی وجیاوكەكانی پاشایەتی كەم كردەوە.

شەشەم:- جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریكی (The Declaration of Independence): لە رێكەوتی ٤ تموزی ١٧٧٦ كۆنگرێسی ئەمریكی ناسراو بە ( كۆنگرێسی كیشوەری) لەو كاتەدا جارنامەی سەربەخۆیی ١٣ هەرێمی ئەمریكی راگەیاند، وهەموو پەیوەندییەكیان لەگەڵ بەریتانیا دا بڕی، خۆیان وەك نەتەوەیەكی سەربەخۆ ناساند.

حەوتەم:- جارنامەی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی فەرەنسی (Déclaration des droits de l'homme et du citoyen): لە ٢٦ ئابی ١٧٨٩ كۆمەڵەی دامەزرێنەری نەتەوەیی فەرنسی جارنامەی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی فەرەنسی دەركرد، كە تیایدا مافی تاكەكەسی و كۆمەڵەیی تێدا رێكخرا بوو، ودادەنرێت بە بەشێك لە دەستووری كارپێكراوی ساڵی ١٩٥٨.

هەشتەم:- جارنامەی مافەكان (Bill of Rights) ئەمریكی: دوای دەركردنی دەستوری ئەمریكی و دوای یەكەم هەلبژاردنی كۆنگرێس ئەمریكی لە ١٥ كانونی یەكەم ١٧٩١ دە هەموار بە یەك پاكێج خراونەسەر دەستوری ئەمریكی ساڵی ١٧٨٧ لە ژێر ناونیشانی جارنامەی مافەكان، ئەم جارنامەیە یەكەمین هەمواری دەستوری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە.

## لقی دووەم

## بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان

بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان كە بەشێوەیەكی گشتی یاخود بەشێكی دیاریكراو مافی مرۆڤ لە خۆدەگرن بێ وردبونەوە لەسەر مافێكی دیاریكراو، و لە پێشەنگی ئەم بەڵگەنامانە بەڵگەنامەی نەتەوەیەكگرتووەكان دێت، و ئەو بەڵگەنامانەی كە نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ برەودان بە مافەكانی مرۆڤ پەسەندی كردوون، لەم بەڵگەنامانەش جارنامەی مافی مرۆڤ و هەردوو رێكەوتنامە تایبەت بە مافە شارستانی و رامیاری و هەروەها رێكەوتنامەی مافە ئابوری كۆمەڵایەتی و كلتوریەكان و هەردوو پرۆتۆكەڵە پاشكۆیەكانی، ئەم سێ بەڵگەنامەیە ناسراون بە " یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەكانی مرۆڤ " (بسيوني، ٢٠٠٦). چەندەها بەڵگەنامەی تری تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ، و بۆ زیاتر ووردبونەوە بۆ خوێندنەوەی بابەتی مافی مرۆڤ تیشك دەخەینەسەر ئەم بەڵگەنامانە:-

یەکەم: بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٥

لە دیباجەی ئەم بەڵگەنامەیە پاڵنەری دروستبونی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەردەخات، بە دەقکردنی لەسەر ئەوەی *" ئێمە گەلانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر خومان پەیوەست کردووە کە نەوەکانی داهاتوو رزگاربکەین لە کاولکاریەکانی جەنگ کە لە ماوەی یەك نەوەدا، دووجار خەمێکی گەورەی هێنا بۆ مرۆڤایەتی کە ناکرێت وەسف بکرێت. لە نوێوە باوەڕبوونمان بە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و بەکەرامەتی تاك و تواناکانی دوپات دەکەینەوە، و بەوەی بۆ پیاوان و ئافرەتان و نەتەوە گەورەکان و بچوکەکان مافی یەکسانیان هەبێت "*، و دواتر لەمادده (١) بەڵگەنامەی نەتەوەیکگرتوەکاندا هاتووە کە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریدەکات، لە برگەی یەکەمدا دەق دەکات لەسەر پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی، و لە برگەی دووەمدا ورد دەبێتەوە لەسەر مافێکی گرنگ لە مافی گەلان کە بریتیە لە مافی چارەی خونوسین کە دادەنرێت بە بنچینەی ئاشتی جیهانی و بنچینەی مافە مرۆڤایەتیەکان، دواتر لە برگەی سێیەمدا دەستەواژە گەلێك ئاشکراو و روون لە خۆدەگرێت کە مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە برەودانی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکان بۆ خەڵك بەگشتی و هاندانیان بۆ ئەم بابەتە بێ جیاوازی بەهۆکاری رەگەز یاخود زمان یاخود ئایین یاخود جیاوازی کردن لە نێوان پیاوان و ئافرەتان.

دووەم: جارنامەی مافەکانی مرۆڤ سالی ١٩٤٨

جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت بە گرنگترین جاڕنامەی دەرچوو لە نەتەوەیەکگرتوەکان و خاوەن دوورمەوداترین کاریگەریە، بەجۆرێك ئەم جاڕنامەیە بە سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی هەوڵە نیشتیمانیەکان و نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت لە بواری برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکیەکانی، ئەم جاڕنامەیە ئاراستەی هەموو کارەکانی پاش خۆی دیاریکردووە لە گۆرەپانی مافەکانی مرۆڤ، و فەلسەفەی سەرەکی بۆ زۆرترین بەڵگەنامە نێودەوڵەتیە یاساییە پابەندەکان فەراهەم کردووە کە هاتوون بۆ ووردکردنەوەی بەشێك لە مافەکانی نێو جاڕنامەی مافی مرۆڤ (الأمم المتحدة، ٢٠٢٠).

سێیەم: هەردوو پەیماننامە نێودەولەتیەکانی مافە شارستانی و رامیاریەکان، و مافە ئابوری و کومەلایەتی و کەلتوریەکان و پرۆتۆکۆڵە پاشکۆیەکانیان ساڵی ١٩٦٦:

ئەو دوو پەیماننامەیە لە لایەن لێژنەی مافەکانی مرۆڤ کە بەشێك بوو لە ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسان بە داڕشتنی یاسایی بۆ

ووردکارییەکانی ماف و ئازادییە مرۆڤایەتیەکان کە بەشێوەیەکی گشتی لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دا هاتووە، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان بە پشتبەستن بە دوو رێکەوتنامەی گشتی کە رێسا یاساییەکانی مافەکانی گەلان و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکیەکانی لەخۆدەگرێت (المفوضية السامية لحقوق الإنسان، ٢٠٢٠).

شێوەسازی هەردوو رێکەوتنامەکە لەلایەن لێژنەی مافەکانی مرۆڤ و دواتر لە لێژنەی سێیەم بۆ کاروبارە کۆمەلایەتی، مرۆڤایەتی و کلتوریەکان پەیوەست بە کۆمەڵەی گشتی تەواو کرا، و لە ١٩٦٦/١٢/١٦ کۆمەڵەی گشتی هەردوو رێکەوتنامەکەی دەرکرد کە ناسراون بە ناوی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و کلتوری، و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی و رامیارییەکان (بشير، ٢٠٠٧).

## تەوەرەی سێیەم

## بەهای یاسایی بەڵگەنامەکانی ماف و ئازادییەکان

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی جاڕنامەکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ, و دەق کردنی دەستورەکان بۆ ئەم ماف و ئازادییانە یاخود لە خۆگرتنیان لە دیباجەی دەستوور یان پێشەکیەکەی, یاساناسان پرسیارێکیان لە مێشکدا گەلاڵە بوو دەربارەی بەهای یاسایی ئەم بنەما و حوکم و دەقانەی کە ئەم جاڕنامانە لەخۆی گرتوون و لە پێشەکی دەستورەکاندا هاتوون.

ئەم بابەتە سەرەتا لە فەرنسا دەرکەوت بەهۆی ئەوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتی فەرەنسی وەك بەشێك لە دەستوری فەرنسی ساڵی ١٧٩١ دانرا، بۆیە یاساناسان دەربارەی بەهای یاسایی جاڕنامەکانی ماف و ئازادییەکان و دەقە دەستورییەکان تایبەت پێیان، بەسەر سێ ئاراستەی جیاوازدا دابەشبوون و جیاوازی ڕاکانیان بەشێوەیەکی بەرچاوە بۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەرووی ئاراستە جیاوازەکان بەمشێوەی خوارەوە:

ئاراستەی یەکەم: نکۆلی دەکات لە بوونی بەهای یاسایی بۆ جاڕنامەکانی مافەکان

بەشێك لە یاساناسان نکۆڵی لە بوونی بەهای یاسایی پابەند دەکەن بۆ جاڕنامەکانی مافەکان, لە ڕوانگەی ئم یاساناسانەوە جاڕنامەکانی مافەکان تەنیا خستنەڕوو و جاڕدانە بۆ بنەما ڕێچکەییە فەلسەفییەکان، و ناکرێت دابنرێن لە پێگەی رێسای یاسایی پابەند وەك حوکمەکانی یاسای دانراو, و لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشەنگەکانی ئەم ئاراستەیە یاساناس ( کارە دی مالبێر )، کەوای دەبینێت ئەو بنەمایانەی کە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی فەرەنسی ١٧٨٩ لە خۆی گرتووە شتێك نیە جگە لە بنەما و بیر و بۆچوونی فەلسەفی هەڵەنجێنراون لەبنەمای یاسای سروشتی (ویسي، ٢٠٠٩). هەرسێ شارەزایان ( ئەسمان و جولێین و کارە دی مالبێر ) ئەم ئاراستەیەیان بلاوە پێکرد بە پشبەستن بەوەی کە دەستوری فەرەنسی سالی ١٧٩١ هەڵوەشێندرایەوە و گرنتیەکانی مافەکانی مرۆڤیش هاوتا لەگەڵی هەڵوەشانەوە، بۆیە ئەم دەقانە هیچ هێزێکی یاسایی پابەندیان نیە (العاني، ٢٠٠٥).

ئاراستەی دووەم: جارنامەی مافەکانی مرۆڤ باڵاترە لە دەستور

ئەم ئاراستەیە باوەریان وایە کە جارنامەکانی مافەکانی مرۆڤ بەڵگەیەکی یاسایی پابەندە و بەرزترە لە رێساکانی دەستور و باڵاترە لێیان، و ئەم جارنامانە تەنیا یاسادانەری ئاسایی پێوەی پابەند نابێت، بەڵکو یاسادانەری دەستوریش پێویستە پێیانەوە پابەند بێت (المفرجي، نعمة، و الجدة، ٢٠٠٧). بەناوبانگترین لایەنگرانی ئەو ئاراستەیە یاساناسی فەرەنسی دوگی (Dugout) یە، دوگی هەڵساوە بە دابەشکردنی بنەما یاساییەکان بۆ سێ پلە، ئەو بنەمایانەی جارنامەی مافەکان لەخوی دەگرێت لە پلەی یەکەم دێت، بنەما دەستوریەکانیش لە پلەی دووەم دێت، هەرچی یاسا ئاساییەکانە ئەوا لە پلەی سێیەم دێت (عەبدوڵا، ٢٠٠٩).

ئاراستەی سێیەم: جارنامەکانی مافەکان هێزی دەقی دەستوریان هەیە

ئەو ئاراستەیە هەڵوەستەکی نێوەندگیران لە نێوان هەردوو ئاراستەی یەکەم و دووەم وەرگرتووە، بەشێوەیەك هێزێکی یاساییان بە جارنامەی مافەکان بەخشیوە، ئەو هێزەش هاوتای خودی دەقە دەستوریەکانە (عەبدوڵا، ٢٠٠٩). هەریەکە لە یاساناسان ( ئەندرێ هوریو و جان جیکول ) بەرگیری دەکەن لەم ئاراستەیە و بیانوو لەسەر رایەکەیان دەهێنەوە بەڵام ئاماژە دەکەن بە پێشەکی دەستور زیاتر لە ئاماژەکردنیان بە جارنامەکانی مافی مرۆڤ (ویسي، ٢٠٠٩).

بۆیە توێژەران وەك زۆرینەی یاساناسانی سەردەم هاوران لەگەڵ ئاراستەی سێیەمن، بەشێوەیەك جارنامەی مافەکان و پێشەکی دەستورەکان هێزی یاسایی پابەندیان هەیە، ئەو هێزەش هاوتای هێزی دەقە دەستوریەکانە، ئەو دەقانەی جارنامەکان لەخۆیان دەگرن، تەنیا بنەما فەلسەفی نین، هیچ بەهایەکی یاسایی و هێزێکی پابەندییان نەبێت، یاخود ناکرێت بڵێین جارنامەی مافەکان و پێشەکی دەستورەکان لە خودی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستور بەرزترن، بەڵکو دەقی دەستوری هیچ جیاوازییەك بوونی نیە لە نێوان ئەو دەقە دەستوریانەی تایبەتن بە ماف و ئازادییەکان و دەقەکانی تری نێو دەستور.

## باسی دووەم

## رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستورە بەراوردکارییەکان

دەستوورە پێشکەوتووەکان لە پاڵ بابەتی رێکخستنی سیستەمی دەسەڵات هەڵساون  بە رێکخستنی کۆمەڵە بابەتێکی تریش لە نێو دەستوردا لەو بابەتانەش ماف و ئازادییەکان .

یەکێك لەو پێوەرەکانی دەوڵەتی دیموکراتی فەراهەم کردنی شکۆداری و کرامەتە بۆ هاوڵاتیەکانی لە رێگەی دانانیانە بە ماف و ئازادییە گشتیەکان (البرزنجي، ٢٠٠٩)، و هاتنی ماف و ئازادییەکان لە دەستوردا پرسیارگەلێکی دەربارەی گونجاندنی یاسایی بۆ ماف و ئازادییە دەستوریەکان هێنایەکایەوە، و بۆ تیشك خستنەسەری زیاتر بۆ بابەتی هەڵوەستی دەستورەکان لە رێکخستنی ماف و ئازادییەکان ئەم باسە پۆلێن دەکرێتەسەر سێ تەوەرەی یەك بە دوای یەکدا.

### تەوەرەی یەکەم

### رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستورە دابییەکاندا

ئەو ووڵاتانەی بەڵگەنامەیەکی دەستووری نوسراوی دیاریکراویان نیە و ناسراون بە خاوەن دەستوری دابی وەك بەریتانیا، سەرەرای نەبوونی بەڵگەنامەیەکی دەستوری نوسراو لە کاتێکی دیاریکراو لەلایەن یاسادانەر یاخود دەستەی دامەزرێنەر بەڵام دەبینین کە چەندین بەڵگەنامەی دەستووری نوسراو هەیە کە لە بەرواری جیاوازدا دەرچوون، بۆ نمونە لە شانشینی بەریتانیا ئەم بەلگەنامانە دادەنرێن بە بەلگنامەی دەستووری (عبدالله، ٢٠٠٧) ( گەورەترین پەیمان (Magna Carta) ساڵی ١٢١٥، پەڕاوی مافەکان (Petition of Rights) لە سەردەمی پاشا شارڵی یەکەم ساڵی ١٦٢٨، یاسای هابیس کوربوس (Act of Habeas Corpus)ساڵی ١٦٧٩، جاڕنامەکانی مافەکان (Bill of Rights) ساڵی ١٦٨٩، یاسای میراتگرتنی تەختی پاشایەتی شانشینی بەریتانی (Act of Settlement) لە ساڵی ١٧٠١، یاسای پەرلەمان (Parliament Act)ساڵی ١٩١١، یاسای وەسیەتەکانی تەختی پاشایەتی (Regency Act) ساڵی ١٩٣٧.

سەرەڕای ئەوەی شانشینی بەریتانیا دەستورێکی نوسراوی دیاریکراوی نیە بەڵام لە رێگەی ئەم بەلگەنامە دەستوریانە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتی بەریتانی پاراستووە، هەروەك دەستورناسی بەناوبانگ

دایسی دەربارەی مافی ئازادی کەسی لە بەریتانیا دا بە بەراورد لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاولاتی فەرەنسی لە کتێبی دەروازەیەك بۆ یاسای دەستوری ووتویەتی *" مافی ئازادی کەسی لە شانشینی بەریتانیا دا بەشێکە لە دەستور بەپێی یاسایەکی نابراو بە (Act of Habeas Corpus)".* هەرچەندە ئەو یاسایە بنەمایەکی دیاریکراو یاخود پێناسەی مافێك نەکراوە تیایدا بەڵام لە رووی پراکتیکی یەوە گرنگی زیاترە لە سەد ماددەی نوسراو دەربارەی مافی ئازادی کەسی لە دەستورە نوسراوەکان دا، بەجۆرێك ئەم یاسایە لە دادگاکان بەشێوەیەکی پراکتیکی کاری لەسەر دەکرێت) (Dicey، 1885).

**تەوەرەی دووەم**

**رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستورە نووسراوەکاندا**

ئەو وولاتانەی کە دەستووری نووسراویان هەیە تیایدا بابەتی ماف و ئازادییەکانی رێکخستووە یاخود بەڵگەنامەیەك یان زیاتری تایبەت بە ماف و ئازادییەکان هەیە، سەرەرای هەبوونی دەستورێکی نووسراویش دەبینین وولاتان هەڵوەستی جیاوازیان هەیە لە رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دەستورەکانیان دا، و دەکرێت هەڵوەستی وولاتان دابەش بکرێتە سەر دوو لقی یەك بە دوای یەك دا.

**لقی یەکەم**

**رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە دیباجەی دەستوردا**

دەستوری بەشێك لە وولاتان هەڵساوە بە رێکخستنی بابەتی ماف و ئازادییەکان لە دیباجەی دەستورەکانیان دا، و بەپێی پۆلێنی دەستوری ئەم وولاتانەش دەکرێت هەڵوێستیان دابەش بکرێنە سەر دوو هەڵوەستی جیاواز کە ئەمانەن:-

یەکەم: بەشێك لەم وولاتانە لە دیباجەی دەستورەکەدا ئاماژەیان بۆ بەڵگەنامەیەکی تایبەتمەند بە ماف و ئازادییەکان کردووە، وەك فەرەنسا و لە دەستورەکانی ١٧٩١ و ١٩٤٦ و ١٩٥٨ وولاتەکەیدا رێکخستنی بۆ کردووە، ئەم وولاتانە هەوڵیانداوە ئەو بەڵگەنامانە لە دیباجە یان پێشەکی دەستووردا باسیان بکات نەوەك بکرێتە بەشێك لە مەتنی دەستور ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم وولاتانە پێگەیەکی گەورەتر بە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: دەستوری وولاتی کۆمۆرۆس (جزر القمر) ساڵی ٢٠٠٣ بە کۆمەڵە خاڵێك لە پێشەکی دەستورەکەی دا بابەتی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانی رێکخستووە، کە تیایدا هاتووە: *" جاردانی گەلی (جزر القمر) بۆ ئەم خاڵانە: یەکسانی لە نێوان هەمووان لە ماف و ئەرکدا بەبێ جیاوازی رەگەز و بنچە و ئاین و بیرو باوەڕ، یەکسانی هەمووان لەبردەم دادگا و مافی بەرگری کردن بۆگشت لایەنەکان، ئازادی و ئاسایش بۆگشت تاکەکان بە مەرجی ئەنجامنەدانی هەرکارێک کە زیان هەبێت بۆکەسانی تر،...."*
. (constitutionnet, 2020)

## لقی دووەم

## رێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە مەتنی دەستووردا

دەکرێت هەڵوەستی ئەو ووڵاتانەی بەم رێچکەیەیان وەرگرتووە دابەش بکرێتەسەر ئەمانە:

یەکەم: ئەو ووڵاتانەی کە دەروازەیەکیان لە مەتنی دەستوردا تایبەتکردووە بە بابەتی ماف و ئازادییەکان:

ئەم ووڵاتانە لە دەستورەکانیان دا ماف و ئازادییەکانیان لە دەروازەیەکی سەربەخۆ رێکخستوە و لە هەمان کاتدا رێگرییان داناوە لەبەردەم فەرهامەکردنی مافەکانی نێو بەڵگەنامە نێودەولەتیەکان، ئەمەش تەنیا لە کاتی پەسەندکردنی رێکەوتنامەکان و دەرکردنی یاسا تایبەت بە جێبەجێ کردنی بەڵگەنامەکان ئەم مافانە بۆ هاولاتیان هەیە فەراهەم دەکرێت، ئەم شێوازی رێکخستنە بەربڵاوترین جۆری رێکخستنی دەستورییە بۆ ماف و ئازادییەکان، بەشێوەیەکی گشتی دەستوری زۆربەی ووڵاتانی عەرەبی *بەم رێچکەیەیان وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە هیچ یەکێك لەم ووڵاتانە لە دەروازەی یەکەم دا بابەتی ماف و ئازادییەکانی رێکنەخستووە.

دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ راپرسی پەسەندکردنی بۆ کرا، هەڵستاوە بەگرتنەبەری ئەم رێچکەیە لە دەروازەی دووەمی دەستورەکەدا ماف و ئازادییەکانی رێکخستووە بەناونیشانی " ماف و ئازادییە گشتییەکان " کە (٣٣) ماددە لە خۆی دەگرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەو ماددانە کە لە دەستور دا هاتوون بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان بە دەرکردنی یاسای تایبەت

* لە نمونەی دەستورە عەرەبیەکان: دەستوری تونسی ٢٠١٤ لە دەروازەی دووەم دا بەناونیشانی " ماف و ئازادییەکان " دا هاتووە, و دەستوری مصری ٢٠١٤ لە دەروازەی سێیەم بە ناونیشانی " ماف و ئازادی و ئەرکە گشتیەکان " هاتووە, و دەستوری کوێتی ساڵی ١٩٦٢ لە دەروازەی سێیەم دا بەناونیشانی " ماف و ئەرکە گشتیەکان " دا هاتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە بۆ چوونە بواری جێبەجێ کردن، جێگەی داخە کە بەشێك لەم یاسایانەی کە لە بنچینەدا بۆ ریکخستنی مافەکان دەرکراوە بوون بە رێگر لە بەردەم فەراهەم کردنیان .

بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە دەستورە ئەورووپیەکان* کە بەم رێچکەیەیان وەرگرتووە لە دەروازەی یەکەمی دەستورەکانیاندا بابەتی ماف و ئازادی گشتیەکانیان رێکخستووە، و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەم مافانەی کە لە بەلگەنامەی نێودەولەتیەکاندا هاتوون فەراهەم دەکەن بۆ هاولاتیانیان، لە نمونەی دەستورە ئەورووپیەکان: یاسای سەرەکی کۆماری ئەلمانیای یەکگرتووی کە لە دەروازەی یەکەم بە ناونیشانی "مافە سەرەکیەکان" و کۆمەڵە هاوپێچێکی دەستوری لە مادده (١٣٦ – ١٤١) ئاماژە بە ماف و ئازادییەکان دراوە، لە مادده (٢٣) تایبەت بە یەکێتی ئەوروپا و مادده (٢٥) دانی ناوە بە گشت ئەو ماف و ئازادییانەی لە رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان دا هاتوون بۆ هاوڵاتیانی (Deutscher Bundestag, 2020).

پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان –عێراق سالی ٢٠٠٩ کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٢٤پەسەند کرابوو، بەم رێچکەیەی وەرگرتووە کە لە دەروازەی دووەمی پروژە دەستورەکەی تەرخان کردبوو بۆ مافە سەرەکیەکان کە پێك دەهات لە (٣٠) مادده، و لە هەمان کاتدا ئەم مافانەی کە لە رێکەوتنامە و جاڕنامە نێودەولەتیەکانی پەیوەندار بە مافی مرۆڤ هاتوون و عێراق بەشدارە تیایدا یان نا بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانی فەراهەم دەکرد.

دووەم: ئەو ووڵاتانەی کە لە مەتنی دەستورەکانیاندا بابەتی ماف و ئازادیەکانیان بە ماددەیەك یان چەند ماددەیەك رێکخستووە، و ئەم وڵاتانەش دەکرێت دابەش بکرێن بۆ سەر دوو گروپ لە ووڵاتان:

گروپی یەکەم: ئەو ووڵاتانەی تەنیا بە چەند ماددەیەك بابەتی ماف و ئازادیەکانی رێکخستووە و رێگری کردووە لە مافەکانی نێو بەلگەنامە نێودەولەتیەکان بە بیانوی پەسەندکردن و دەرخستنی یاسای تایبەت بۆ جێبەجێ کردنی بەڵگەنامەکان و فەراهەم کردنی ئەم مافانە بۆ هاوڵاتیانی ووڵاتەکانیاندا, لە نمونەی ئەم دەستورانەش دەستوری مەغریبی ساڵی ١٩٩٦.

* لە نمونەی دەستورە ئەورووپیەکان: دەستوری کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو لە دەروازەی یەکەم دا بە ناونیشانی "ماف و ئازادییەکان " دا هاتووە، و دستوری پرتوگال ١٩٧٦ لە بەشی یەکەم بە ناونیشانی " ماف و ئەرکە سەرەکیەکان" هاتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گروپی دووەم: ئەم وڵاتانەش بە ماددەیەك باس لە بابەتی ماف و ئازادییەكان دەكەن, بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێكردنە ئەم ووڵاتانە بەوە جیادەكرێنەوە كە بە بەكارهێنانی ئەم ماددە دەستوریە بابەتی ماف و ئازادییەكان ڕەوانەی دەكەن بۆ هاوپێچی دەستورەكان، و دانیان ناوە بە هەموو ئەو ڕێكەوتنامە و جاڕنامە نێودەولەتیانەی كە پەیوەندیدارن بە مافی مرۆڤ، كە هاوڵاتیانیان دەتوانن سوودی لێوەربگرن و لەبەردەم دادگادا بەكاریان بهێنن. لە نمونەی ئەم دەستوورانە دەستووری ئەمریكای (UNITED STATES SENATE, 2020) ١٧٨٧ لە ماددەی (٦) دا دەق دەكات *" ئەم دەستووره و یاساكانی ویلایەتەكان كە دەردەچن لە پاشدا بە پێی یاساكە، و هەموو پەیماننامە بەستراوەكان، یاخود ئەوانەی كە دەبەسترێن، لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەكگرتووەكان ,دادەنرێن بەیاسای باڵای دەولەت ....."*، و دەستوری بۆسنە و هرزگوڤینیا (Parlamentarna skupština Bosne i Hercegovine, 2020)ساڵی ١٩٩٦ كە لە ماددە (٢) دەستورەكەدا بە ناونیشانی *" مافەكانی مرۆڤ ئازادیە بنەرەتیەكان "* هاتووە كە بابەتی ماف و ئازادیەكان ڕەوانەی شەش هاوپێچی دەستووری دەكات .

## تەوەرەی سێیەم

## گونجاندنی یاسایی بۆ ماف و ئازادییە دەستورییەكان

دەستورەكان بریتین لە كومەلە بەلگەنامەیەك كە ڕێسا سەرەكیەكان تیایدا دارشتراوە, كە شێوازی دەسەڵات لە ووڵات دا دەردەخات و هەڵدەستێت بە دیاریكردنی دەزگا دەستورییەكان تیایدا و تایبەتكاری ئەم دەزگایانە و پەیوەندیان لەگەڵ یەكتر, و هەروەها دانان بە مافی تاكەكان و ئازادییەكانیان و پارێزگاریكردنیان لە هەر دەستدرێژیەك, بە شێوازێك هاوسەنگی رابگرێت لە نێوان تایبەتكاریەكانی دەسەڵات و ڕێزگرتن لە ئازادییەكانی تاكەكان (خالد، ٢٠٠٥).

تاوەكو ئەوەی بنەمای پلەبەندی ڕێسا یاساییەكان حوكم بكات بەوەی كە ڕێسا دەستورییەكان پلەی ڕێسای باڵا داگیردەكەن لە هەرەمی یاسایی، و پشت دەبەستن بەوەی ڕێسا دەستورییەكان پێشەنگیان هەیە لە سەر ڕێسا یاساییەكانی تر (العاني، ٢٠٠٥)، بۆیە دەقكردن لە سەر مافەكانی تاك و ئازادییە سەرەكیەكانیان لە كرۆكی دەستوردا كە دادەنرێت لە لوتكەی پلەبەندی هەرەمی ڕێسا یاساییەكان بەواتای پێدانی پێگەیەكی باڵا بە ماف و ئازادییەكان، و بەمەش خودی بەڵگەنامەی دەستور نەك یاسا ئاساییەكان گرەنتی چارەنووسی ماف و ئازادییەكان دەكات لە یاسای دانراو و دەیانچەسپێنێت (فريد، ٢٠٠٩) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە دوو فەلسەفەی جیاواز لە جیهاندا هەن لە بابەتی پێگەی ماف و ئازادییە دانپێدانراوەکان لە دەستوردا، لە هەڵویستی ووڵاتانی فەلسەفەی ئازاد وەك فەرەنسا شوێنی ماف و ئازادییەکان لە پێشەکی دەستور دایە، و هۆکاری ئەوەش دەگەرێنەوە بۆ ئەوەی کە مافەکانی مروڤ پێشەنگی هەیە لەسەر رێساکانی رێکخستنی کیانی سیاسی دەوڵەت، چونکە ئەم مافانە بونیان هەبووە پێش دروستبوونی دەوڵەت، بەڵام لە تێروانینی فەلسەفەی سوشیالیستی دا دەبینین کە شوێنی ماف و ئازادییەکان لە کۆتایی دەستور دایە، و هۆکاری ئەمەش لە گوشەنیگای سوشیالیستیەوە وادەبینرێت: کە مرۆڤ بەئازادی لەدایك نەبووە بەڵکو ئازاد دەبێت کاتێك دەگات بە کومەڵگە بەپێی دوو قوناخ، یەکەمیان: بۆ قۆناغی سۆشیالیستی، دواتر دووەمیان: بۆ قۆناغی شیوعەتگەری, کە لە کاتێك دا کومەڵگە خاوەنداریتی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان دەکات، بۆیە بەرای ئەم یاساناسانە ئازادی نادرێت بەڵکو مرۆڤ بەدەستی دێنێت بە ململانێ (فرید، ٢٠٠٩).

مەبەست لە سروشتی رێساکانی ماف و ئازادییەکان لە دەستور دا و زانینی گونجانی یاساییان دەبێت بگەرێینەوە بۆ سەر ئەو مشتومرانەی کە ئایا رێسا دەستوریەکان بە رێسای یاسایی دادەنرێن یاخود نا ؟

لە یاسازانی دەستوری کۆن دوو رای جیاواز بونیان هەبوو، یەکەمیان تێروانینیان وا بووە کە رێسا دەستوریەکان رێسای یاسایی تەواون بەهەبوونی هەرسێ کولڵەگەی رێسای یاسایی ( گشتگیری , داتاشراوی و سزا )، و ئێمەش هاوراین لەگەڵ زۆرینەی یاساناسانی نوێی دەستوری دان بە هەمان تێروانین دا دەنێین کە رێسا دەستوریەکان رێسای یاسایی تەواون, رای دووەمیان تێروانینیان وابووە کە رێسا دەستوریەکان دانانرێن بە رێسای یاسایی چونکە کولڵەگەی سزایان تیادا نیە, و لە لە پشتیوانانی تێروانینی دووەم هەر یەکە لە یاساناسان ( ئوستن و کلزن ) (البرزنجي، ٢٠٠٩).

## کۆتایی

یەکەم:- دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە هەریەك لەم دەرئەنجامانە:-

1) لەرووی پێناسەکردن بۆ چەمکی ماف و ئازادییەکان گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە خودی چەمکەکە لە تێروانینی یاساناسانەوە وا دەبینیرێت کە لە دوو دەستەواژەی جیا پێکهاتووە و مانای

جیاوازیشیان هەیە. ئەوەی زیاتریش جێگەی بایەخ بوو چەمکی ماف و ئازادییەکان لە دەستووردا بە چ شێوازێك پێناسەی بۆ کراوە، لەو رووە بەشێوەیەکی گشتی یاساناسان پێناسە چەمکەکەیان بە خودی ناونیشانی ماف و ئازادییەکان پێناسەیان نەکردووە, بەڵکو لە ژێر ناونیشانی جیادا پێناسەی بۆ کراوە, وەك " ئازادییە سەرکیەکان" یاخود " ئازادییە گشتیەکان ".

2) لە بابەتی گونجاندنی یاسایی بۆ بابەتی ماف و ئازادییەکان، بە هەمان شێوە دەبینین کە یاساناسان تێروانیان جیایان بۆ گونجاندنی یاسایی ئەم بابەتە هەیە، بە جۆرێك دابەشبوونە بۆ سەر دوو بیروبۆچوونی جیا کە ئەمانەن, بیروبۆچوونی یەکەمیان وایان دادەنا کە رێسا دەستوریەکان رێسای دەستوری تەواون بەهەبوونی هەرسێ کولەگەی رێسای یاسایی (گشتگیری, داتاشراوی و سزا), بیروبۆچوونی دووەمیان تێروانینیان وایە کە کە رێسا دەستوریەکان دانانرێن بە رێسای یاسایی چونکە کولەگەی سزا تیادانیە. ئێمەش وەك خۆمان پشتگیری لە بیرو بۆچوونە دەکەین کە تێروانینیان وایە رێسا دەستوریەکان رێسای یاسایی تەواون.

3) لە بابەتی بەڵگەنامە و جاڕنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ کە کاریگەریان لەسەر گۆرینی رێچکەی یاسای دەستوری هەبووە، دەگەین بە دەرئەنجامەی کە بەڵگەنامەکان نیشتمانیەکان لە سەدەی دووازدەهەمی هەزارەی رابردوو لە بەڵگەنامەی " گەورەترین پەیمان " دەستی پێکردووە، دواتر چەندەها بەڵگەنامەی نیشتمانی تری بەدوادا هاتووە، بەڵام بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان لە دایکبووی دوو سەدەی پێشوون و گرنگترینیان بریتیە لە " جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ".

4) لە بابەتی بەهای یاسایی ماف و ئازادییەکان، بە هەمان شێوە دەبینین کە یاساناسان تێروانینی جیان دەربارەی بەهای یاسایی ماف و ئازادییە دەستورییەکان هەیە کە دەکرێت تێروانینیان پۆلین بکریتەسەر سێ ئاراستە، ئاراستەی یەکەمیان نکۆلی دەکات لە بوونی بەهای یاسایی بۆ جاڕنامەکانی مافەکان، ئاراستەی دووەمیان تێڕوانینیان وایە جارنامەی مافەکانی مرۆڤ باڵاترە لە دەستور، ئاراستەی سێیەمیان وای دەبینن جارنامەکانی مافەکان هێزی دەقی دەستوری هەیە، ئێمەش لە بابەتی بەهای یاسایی پیشتگیری لە ئاراستەی سێیەم دەکەین.

5) لە رووی رێکخستنی دەستوری بابەتی ماف و ئازادییەکان لە دەستورە بەراوردکارییەکان، گەیشتین بەوەی رێکخستنی دەستوری جیا هەیە بە جۆرێك دەکرێت کورت بکرێنەسەر، دەستورە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەنوسراوەکان و دەستورە نوسراوەکان، لە هەمان کاتدا دەستورە نوسراوەکانیش پۆلێن دەکرێن بۆ رێکخستنی دەستوری بابەتی ماف و ئازادییەکان لە پێشەکی یاخود مەتنی دەستوردا هاتوون، سەرەرای ئەمانەش رێکخستنی دەستوری ماف و ئازادییەکان دەکرێت دابەش بکرێتەسەر ئەو دەستورانەی بەشێك لە مادده دەستور تەرخان کردووە بۆ ئەم بابەتە و ئەو دەستورانەی دەروازەیەکیان پەیوەست کردووە بە بابەتی ماف و ئازادییەکان, لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەو دەستورانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ مافەکانی نێو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان فەرهەم دەکەن بۆ هاوڵاتیانیان ئەوانەش بەشێوەیەکی بەربەستدار ئەم مافانە فەرهەم دەکەن.

دووەم:- پێشنیارەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەمانە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی و کوردستانی رەچاویان بکات لە نووسینەوەی دەستور یاخود هەموارکردنی دا کە هەڵبستن بە گرتنەبەری ئەم خاڵانە:-

1) فەراهەم کردنی هەموو ماف و ئازادییەکانی بۆ هاوڵاتیانی وولاتەکەی، بەتایبەتیش هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان, بەجۆرێك دەستورەکان رێگەخۆشکەر بن لە بنیاتنانی رێسایەکی سەرەکی بۆ ماف و ئازادییەکان و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ رێگە بدەن بە فەراهەمکردنی ئەو مافانەی کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانیشدا هاتوون بۆ هاولاتیانیان.

2) داواکارین لە لایەنە سیاسیە جیاکانی هەرێم دەکەین کە جارنامەیەك یاخود بەلگەنامەیەکی نیشتمانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و هاوڵاتیانی هەرێم دابنرێت، و پێگەیەکی یاسایی باڵا بدەن بەمبەڵگەنامەیە، بۆ ئەوەی کاریگەرییە سیاسیەکان کار نەکەنە سەر مافی هاوڵاتیانیان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان**

1. إحسان حميد المفرجي و كطران زغير نعمة و رعد ناجي الجدة، النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثانية، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٧.
2. احمد فتحي سرور، الحماية الدستورية للحقوق و الحريات، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر، قاهرة، ١٩٩٩.

3. اديب محمد جاسم الحماوى، مؤسسات المجتمع المدني و دورها في حماية الحقوق و الحريات العامة، دار شتات للنشر و البرمجيات، ٢٠١٢.
4. حسان محمد شفيق العاني، الدستور و كفالة حقوق الأفراد، ورقة عمل منشور في بعنوان دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لحقوق الإنسان، كلية الحقوق بجامعة دى بول، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥.
5. حميد حنون خالد، فكرة الدستور، بحث منشور في كتاب بعنوان دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لحقوق الإنسان، كلية الحقوق بجامعة دى بول، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥.
6. خاموش عمر عبدالله، تأثير قوانين الطوارىء على حريات الأفراد في الدساتير، منشورات مركز كوردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
7. خامۆش عومەر عەبدوڵا، تیۆری گشتی یاسای دەستوری، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.
8. سرهنك حميد البرزنجي، مقومات الدستور الديموقراطي و آليات المدافعة عنه، الطبعة الأولى، دار دجلة ناشرون و موزعون، ٢٠٠٩.
9. الشافعي محمد بشير، قانون حقوق الإنسان، الطبعة الرابعة، منشأة المعارف للنشر، اسكندرية، ٢٠٠٧.
10. عبدالعزيز محمد سالمان و معتز محمد أبو العز و نفرت محمد شهاب، الحقوق و الحريات العامة في الدساتير العربية و الفقه و القضاء و الشريعة الإسلامية، بحث منشور في كتاب الديموقراطية و الحريات العامة، الطبعة الأولى، نشرت لدى المعهد الدولي لقانون حقوق الإنسان كلية الحقوق بجامعة دي بول.
11. عثمان على ويسي، البعد القانوني لحقوق الانسان، مركز ابحاث القانون، اربيل، ٢٠٠٩.
12. فالا فريد، حماية الحقوق و الحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية و الجنائية للسلطة التنفيذية (النظام البرلماني نموذجاً)، الطبعة الأولى، مطبعة شهاب، أربيل، ٢٠٠٩.
13. كمال سعدي مصطفى، التنظيم الدستوري و الدولي لحقوق الإنسان، دار شتات للنشر و البرمجيات، ٢٠١٧.
14. محمود شريف بسيونى، الوثائق الدولية المعينة بحقوق الإنسان، المجلد الأول "الوثائق العالمية"، الطبعة الثالثة، دار الشروق للنشر و الطبع، قاهرة، ٢٠٠٦.
15. منذر الشاوي، الدولة الديموقراطية في الفلسفة السياسية و القانونية، الكتاب الأول، منشورات المجمع العلمي, بغداد، ١٩٩٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

16. Albert Venn Dicey, Introduction to the study of Law of the Constitution, Published by Liberty Classics, 1885.

**دووەم: توێژینەوەکان**

1. J. A. Guy, The Origins of the Petition of Right Reconsidered, The Historical Journal published by Cambridge University Press, Vol. 25, No. 2, 1982.
2. Vesna Stefanovska, The Legacy of Magna Carta and the rule of law in the Republic of Macedonia, SEEU review Journal, Vol.11, No.1, 2015.

**سێیەم: سەرچاوە ئەلکترونیەکان**

1. ماڵپەری ئەنجومەنی سیناتۆرەکانی ئەمریکی https://www.senate.gov/civics
2. ماڵپەری بەندستاجی (ئەنجومەنی نوێنەران) ئەڵمانی http://www.bundestag.de
3. ماڵپەری ئەنجومەنی نەتەوەی کوێتی http://www.kna.kw
4. ماڵپەری ئەنجومەنی نوێنەرانی مصری http://www.parliament.gov.eg
5. ماڵپەری ئەنجومەنی گەلی تونسی http://www.arp.tn
6. ماڵپەری پەرلەمانی بۆسنا و هرزگۆڤینیا https://www.parlament.ba
7. ماڵپەری ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسی http://www.conseil-constitutionnel.fr
8. ماڵپەری پەرلەمانی بەریتانیا https://www.parliament.uk
9. ماڵپەری شاهانەی بەریتانیا https://www.royal.uk
10. ماڵپەری مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا https://history.state.gov

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11. ماڵپەری نەتەوە یەکگرتوەکان https://www.un.org/ar/

12. ماڵپەری کۆمسیۆنی باڵای نەتەو یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ https://www.ohchr.org/AR/Pages/Home.aspx

13. ماڵپەری www.constitutionnet.org

# Relations of Human Rights Documentations with Constitutional Regulation of Rights

**Badr Mohammed Taher Mustafa**
Department of Law, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq
Badir.Muhammed@lfu.edu.krd

**Hawre Kamal Muhammed**
Department of Law, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region - Iraq

Hawre.Kamal@lfu.edu.krd

*Human Rights Documents , Constitutional Regulation , Bill of Rights , Decleration of Human Rights , Declaration of the Rights of Man and the Citizen*

## Abstract

Human right is an old subject, and an endeavor to achieve it has an old historical root. Human beings in their early existence and in early human community, endeavored to achieve their rights and freedom, and this endeavor still continues. The effect of these endeavors led to the upspring of a group of national documents about human rights in their countries. In the first half of

twentieth century, humanity set the base of human rights through declarations and international agreements, and humanity get benefit from these rights now.

Later, constitutions of countries which have the highest status in the countries, under the effect of these documents, national documents in particular, contained the subject of rights and freedom with regulation of the ways of governing the country. constitutional regulation of rights and freedom is mentioned differently in comparative constitutions.

## علاقة وثائق حقوق الإنسان بالتنظيم الدستوري للحقوق

**ملخص:**

تعد موضوع حقوق الإنسان من المواضيع القديمة، والسعي لتحقيقه له جذور تأريخية، سعى المجتمع البشري منذ نشأته إلى توفير حقوق وحريات للأفراده، ولا يزال هذا المسعى مستمراً، أدى تأثير هذه المساعي إلى ظهور مجموعة من الوثائق الوطنية حول حقوق الإنسان في بلدانهم، في النصف الأول من القرن العشرين، وضعت البشرية القواعد اساسية لحقوق الإنسان من خلال الإعلانات والاتفاقيات الدولية، واستفادت الأفراد من هذه الحقوق لحد الأن.

لآحقاً، تضمنت دساتير الدول موضوع الحقوق و الحريات بعتبارها قانون الأسمى في البلدان، تحت تأثير هذه الوثائق، بالأخص الوثائق الوطنية، جنباً إلى جنب مع تنظيم السلطة داخل الدولة، نظمت الدساتير هذا الموضوع بطرق المختلفة في الدساتير المقارنة.